


# شەوێک و بێ خەوی


**سادق چووبەک**

**لە فارسییەوە: قادر عەلیخا**

**(بۆکان)**


پیاوەکە لە نێو جێوبانەکەیدا هەر دەتلایەوە و خەو نەدەچووە چاوی، لەبەر ئەوەی واقە واقی ئەو تووتکە سەگانەی لەنێو کەلاوەکەدا بوون، هەودای خەویان لێ هەڵپساندبوو بەردەوام لە کاژەلاکی سەریدا دەنگیان دەدایەوە. هەر ڕاست بە چاوی خۆی دیتبووی کە چۆن دایکەکەیان نێوەڕۆی ڕۆژێک لەوە پێش، ماشێنێک لێی دابوو، پاشان کەلاکە خەڵتانی خوێنەکەیان هەڵگرتبوو و خستبوویانە نێو ئەو کەلاوەی کە پێشتر کردبوویە لانە و لەگەڵ تووتکەکانیشیدا لەوێدا دەژیان، ئێستا ئەوە نووزە نووزی ئەوان بوو کڕەکڕ نێو سەریان هەڵدەکۆڵی.

«ئاخر تازە ئەوانە چۆن دەتوانن بژین؟ ئەوەندەش خڕەکە نەبوون، هەتا پیاو بتوانێ هەندێک سڕ و ئێسقانیان لەو قەساب و شتانە بۆ بکڕێت و بیخاتە بەردەمیان. دایکیان هەر دوو ڕۆژ بوو ترەکی بوو، هێشتا خۆ چاویشیان نەپشکووتووە. شیرەخۆرەن. ئەگەر پیاو بیەوێت گەورەیان کات، دەبێ بە مەمکەمژە شیریان بە دەمەوە کات. جا بۆ پیاو دەوێرێ ئەو کارە بکات؟ بە خودا بە تەواوی خەڵکی ئەو گەڕەکە تف و نەحلەتم دەکەن! لە بەر ئەوەی ئەوە چل- پەنجا ساڵ لە تەمەنم تێدەپەڕێ و من هێشتاش ژنم نەهێناوە و هیچ قەرەواش و نۆکەرێکیش لەماڵێدا ڕاناگرم. ئاخر نازانم لە بەر چی ژن بێنم؟ بۆچی تۆرەمە و تووم لێ بکەوێتەوە؟ لە بەر ئەوەی سبحەینێ وەک ئەو تووتکە سەگانە بۆ پارووەنانێکی ویشکی، دەست بکەن بە قورووسکە قورووسک! ئەوە گرتمان و من منداڵێکم بوو، بەر لەوەی ئەو پێڕەوکەبێ، من سەرم نایەوە و مردم. چۆن گەورە بی؟ چۆن پەروەردە دەکرێت؟

ئەو شۆفیرە ناپیاوە ئەو هەناسە ساردەی بۆچی کوشت و هیچ کەسیش هیچی نەکوت. تەواوی ئەو کەسانەی لە ژێر بازاڕچەکەدا ڕاوەستابوون یەک بەخۆیان دایان لە قاقای پێکەنین و ئەو کوڕەش کلکی گرت و بە ڕاکێش ڕاکێش بە سەر ئەو خۆڵانەدا خستییە سەر ئەو تەپۆڵکە خۆڵەمێشانە. ئەگەر مرۆڤێکیش با، هەر ئەو بەڵایەیان بە سەر دێنا. بەڵێ، ئەوە دیارە، بە شەریش هەر ئاوایە! چ تۆفیرێکی (جیاوازییەکی) هەیە ئەویشیان دەگرت و چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەند و کۆمایەک خۆڵیان بەسەردا دەکرد.»

لەشە لەڕ و لاوازەکەی لە ژێر لێفەکەوە هەر جێنگڵی دەدا. نێوەڕاستی سەرینەکەی ژێر سەری بە چاڵداچووبوو. دەتکوت سەریت لە قووڵک خستووە. هەستا سەر قوون و سەرینەکەی هەڵگرت و چەند مستێکی توندی بەم سەر و ئەو سەری داکێشا و نایەوە سەر جێگای خۆی و خۆی خزاندەوە نێو جێوبانەکەی و لەسەر گازەرای پشت ڕاکشا، بەڵام هەستی کرد ئەگەر لەسەر شان بخەوێت، ئاسوودەترە. تەکانێکی لە خۆی دا و کەوتە سەر شانی ڕاستەی. لاقەکانی نووشتاندەوە و چۆکەکانی لە زگی توند کرد. دەستێکی نایەژێر ڕوومەتی و ئەو دەستەی دیکەشی ڕاست بەسەر قەبرغەی چەپەیدا ڕاکێشا و چاوی بڕییە دیوارەکەی ڕووبەڕووی.

پاشان لە نێو جێگاکەیدا لاقی ڕاکێشا، گرێی لە خۆی بڕی و پووزە باریکەکانی لاقی لە یەکتری هاڵاند و پشتی پێیەکی لە بنی ئەولاقەکەی دیکەی توند کرد و خۆی کێشاوە و باوێشکێکی درێژی کێشا.

ویستی لەسەر ئەو شانەی دیکەی بخەوێت. لە سەر زگ بخەوێت. هەستا دانیشت، بچێتە دەرێ و ئاوێک بە سەروچاویدا بکات. لە نێو دیوەکەدا بێت و بچێت. چەند دێڕێک لە مەسنەوی بخوێنێتەوە. سەری گێژ بوو، بەڵام پێڵووەکانی بەهیچ کلۆجێک وێک نەدەهاتنەوە.

لە پڕ بە مێشکی داهات کە ڕۆژێک دەمرێ و لە چاڵ دەخرێت.کەوتە بیری ساتەکانی کۆتایی تەمەنی، سەرەمەرگەکەی چۆن دەبێ؟ کەی دەبێ؟ بۆی هەیە هەر بەم زووانە بێ، بەڵام بڵێی لەو ساتانەدا ئەو بیر لە چی بکاتەوە؟ ڕەدڵی نامێنێ و دەلەرزێ و تەزوویەکی سارد بە لاقەکانیدادێت و لەتەپڵی سەریەوە دەردەچێ. قورووسکە قورووسکی تووتکەکان وەک بەردێک بە نێو چاوانیدا دەدرێت.

«هەر وا دەزانم ئێستایە. لە سەرەتای بەهاردابوو. ئەم دێڵە سەگە ڕەوەیەک گۆڵەسەگی دوای خۆی دابوو. بە دەوری دادەهاتن و هەر سۆکە سۆکیان بوو. هەموویانی دابووە دوای خۆی و هەر بە سەرو چاوی یەکتریدا هەڵدەپرژان و قەپیان بەلاق و قولی یەکتریدا دەکرد. هەتا سەرەنجام یەکێکیان کە لە هەموویان زۆردارتربوو پێوەی ڕەوی و سەگەکانی دیکە دەوریان چۆڵ کرد و ڕۆیشتن. منداڵان بە شوێن ئەو دووانە کەوتن کە بە یەکەوە ڕەوی بوون و بەدار و بەرد بەربوونە گیانیان و دەیانکێشا بە سەر و بەچکیاندا. ئەوانیش کە نەیاندەتوانی لە یەکتری جوودا ببنەوە، بەلارە و لار یەکتریان بەکێش دەکرد، هەر لە بەر ئەوەش نەیاندەتوانی بڕۆن و هەر لە جێگاکەی خۆیاندا بە دەوری یەکتریدا دەخولانەوە.

ئەوە ئێستا ترەکیوە و شەش تووتکی لێ کەوتووەتەوە. هەر یەکەی لە ڕەنگێک. دوێنێکەش کە دەیەویست لەم بەری شەقامەکەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەو بەری شەقامەکە، ماشێنێک لێی دا و کوشتی. دەی باشە بەدەرەک! سەگێک و چەند تووتکێک چ بایەخێکیان هەیە کە من ئاوا ئەو خەوەخۆشەی خۆمیان بۆ حەرام بکەم؟ بۆ .. یانی ژیانی خۆم زۆر لە ژیانی ئەوان ڕەنگینتر و خۆشترە؟»

چراکەی هەڵکرد. شەوقێکی کاڵ و پانی سوور ڕەشایی نێو دیوەکەی هەڵکوشی و سێبەرە لار و وێرەکانی مێز و چەتی و کوورە

و سەماوەر و ئیسکان لە نێودیوەکەدا ژیانەوە و گیانیان هاتەوە بەر. لە سەر جێوبانەکەی دانیشتبوو. سەری لێ قورس بووبوو. چاوەکانی ماسیبوون و تەڕاییان تێزابوو. دەنگی ئەو خوێنەی کە بە ڕەگەکانی (دەمارەکانی) بنا گوێیدا لەسووڕاندبوون، لە گوێچکەیدا دەنگی دەدایەوە. سێبەرە کاڵ و خۆڵەمێشییە لار و وێر و باریکەکەی کەوتبووە سەر قەدی دیوارەکە. نووزە نووزی تووتکەکان وردە وردە ویشکاییان هاتبوو، ئیتر هیچ دەنگێک لە دەرەوە خۆی بە ژووریدا نەدەکرد، بەڵام پاش ئەوەی دەنگیان لێ بڕا، هێشتا نووزە نووزەکەیان هەر لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە، بە تەواوی هەستی ڕاگرتبوو، هیچ دەنگێک نەدەهاتە گوێچکەی.

«بۆ ئاوا لە پڕ بێدەنگ بوون؟ نەکا ئەو گۆڵەسەگە هاتبێت و مل لە خواردنیان نێت! شایەدیش ئەوەندەیان قورووسکاندووەتەوە، ئیتر هێزیان تێدا نەماوە، بەڵام بۆ چی ئاوا هەموویان بە یەکەوە؟»

چاوەکانی کردەوە و چەند کەڕەتێک پێڵووە ماندووەکانی بە یەکەوە گوشی، بەڵام زۆر زوو لە سەر یەکی دانانەوە. «لە بەرچی مرۆڤ شەوانە دەبێ هەر بخەوێت؟ لەپاش ئەوەی من پێم خۆش نییە بە شەودا بخەوم! هەر کاتێک هەستم کرد خەوم دێ، ئەو کاتە دەنووم. با هەستم پێڵاوەکانم بۆیاغ بکەم. با هەستم پاتۆڵەکەم ئووتوو بکەم. بەشێک لە مەسنەوی بخوێنمەوە. دەبێ مەولاناش بە شەوانە کاری کردبێ. دەنا لە ئامەی شەست- حەفتا ساڵەدا چۆن توانیویەتی ئەو جەهووناتە کارە بکات. هەر دیوانی شەمسەکەی پڕ بە تەمەنێکی درێژکاری دەوێ. چۆن توانیویەتی لە نێو ئابڵوقەی ئەو هەموو ویشکە سۆفی و گەوجانەی ئەو سەردەمەدا ئەو بیرە جوان و ناسک و ڕوونانەی بە مێشکدا تێپەڕێت؟ پێم وایە نووسیونی، بەڵام نەیدەهێشت هەندێکیان بگاتە دەستیان. خەڵکی ئەو سەردەمە وەک ئێستا نەبوون لەچاپیان بدەن و بیانکەن بە کتێب و لەبەر دەست و پێی خەڵکدا فڕێی دەن. پێموایە ئەو هەناسە ساردەش بە دەست ئەو مەلاو ویشکە سۆفیانەوە گیری خواردووە. دەی دەی هەر بیر لەوانە بکەوە و مەخەوە هەتا لە سەرت دەداو شێت دەبی.»

لێفەکەی لەسەر لاق و قولی لادەدا و لە جێگاکەی دەخزێتە دەرێ. چاوێکی بە دەور و پێشیداگێڕا و دەستێکی بە قژە ئالۆزکاوەکانیدا هێنا و کۆتەکەی دا بەسەر شانیدا. کۆڵانەکە پڕ بوو لە مانگەشەو، پیاوەکەش لەنتەرێکی بە دەستەوە بوو. شەوقی سووری لەنتەرەکە لەت و کوتەکانی مانگی هەڵپڕووکاوی دەمەوبەیانی چڵکە سوو دەکرد و لەسەرەخۆ دەخوشی. لە بەر توانەوەی ئەو کاڵە بەفرەی کە لە سەرەتای شەودا باریبوو، خۆڵی تەرکی کەلاوەکە زەلیبوو. ئەو چەلەنگ و زبڵ و زاڵ و لەت و کوتی قرتاڵە و سیپە شکاوانەی لەوێ لەونیەوە بوون لە پێشوازی شەوقی لەنتەرەکەدا کەوتنە سەما و خۆبادان.

چاوی بە کەلاکی سیس و ڕەق هەڵاتووی دێڵە سەگەکە کەوت کە بە سەر و بە چکی لەخوێندا سوور هەڵگەڕاو، بە سەر عەرزەکەوە پان بووبووەوە و هەر شەش تووتکەکەش سەریان بە سینگی دایکەکەیانەوە نابوو. گوانە سارد و سڕ و بێ تینەکانی ئەویان بە تامەزرۆییەوە دەمژی و بە حاڵێک و دووبەڵا نووزە نووزێکیان لێوەدەهات.

**سەرچاوە:**

**روز اول قبر، سادق چوبک، پخش: جامەداران، تاران، ١٣٨٦.**